# وەرن لە گەڵـــــــمان بـــــــن!

**ئازادیخوازانی دنیا، ڕێکخراوە ئینسان دۆستەکان!**
**یەکێتییە کرێکاریەکان، ڕێکخراوەکانی ژنان!**
**بەشەریەتی ئازادیخوازا!**

**ناسك ئەحمەد**
nasikahmad2@yahoo.com

وەرن گوێبیستی ئەم زامە سەختەی ئینسانیەت بن. ڕۆژی ٢٠٠٧/٤/٧ کچێکی تەمەن ١٧ ساڵ (دووعا خلیل) کەپەنای بردبوو بۆ هێزەکانی پۆلیس وجێگری پارێزگاری موسڵ (خەسرەو گۆران)، لەلایەن ئەمانەوە تەسلیم بە بکوژانی هۆزەکەی دەکرێتەوەو بەپێش چاویانەوە هەتا مردن بەردەباران دەکرێت.!

ڕەنگە باوەڕکردنی سەخت بێت، ئەگەر پێتان بڵێم (دووعا) زیاتر لە سیهەمین(٣٠) هەزار ژنە کە لە ١٦ساڵی ڕابردوودا لە ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان ویەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا لە کوردستانی عێراق بە بەهانەی ناموسی کوژراون ! تەنیا جیاوازی ئەم کارەساتە ئەوەیە، کە چاوی کامێرا نمایشی چرکە بە چرکە بەردەبارانکردنی دووعای ١٧ ساڵەی گواستەوە سەر تۆڕی ئەنتەرنێت و ڕۆژنامەکان.

ئەم کارەساتە ویژدانی ئینسانی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانی لەناخۆو دەرەوە هەژاندووە. هەزاران ئینسان لە خەڵکی کوردستان بەکردەوە تێدەکۆشن کارەساتی بەردەبارانکردنی دووعا بکەن بەسەمبوولی بەگژاچوونەوەی ڕەشەکوژی ژنان و ئەم سەرەتانە پیسە لە کۆڵی کۆمەڵگەی کوردستان بکەنەوە. تێدەکۆشن لەسایەی حکومەت ودەسەڵاتێکی مۆدێرن وئینسانیدا بژین و ماف وحورمەتی ئینسانیان پارێزراو بێت وژن وپیاو لە تەواوی مەیدانەکانی ژیاندا وەك یەك ویەکسان بن.

ئەگەر گلۆبالیزم بۆ خاوەن کۆمپانیا زەبەلاح وبانکە جیهانیەکان، دەکاتە نەناسینی سنورەکان و ئەمسەر تائەوسەرکردنی گۆی زەوی، ئەوا بۆ بەشەرییەتی ئازادیخوازی دنیاش، دەبێ بکاتە هاوپشتی وبەهاناوەچوونی یەکتر لەهەر کوێیەك هەبن، دەبێ بکاتە بە جیهانی کردنی مافەکانی ئینسان. ئێمە دەستی هاوخەباتی و هاوچارەنووسی بۆ لای ئێوە درێژ دەکەین. بەرگرتن بەڕەشەکوژی ژنان لە کوردستان وهەر جێگایەکی تری دنیادا، ئەرکی هەموومانە. شەرمە بۆبەشەرییەتی ئازادیخوازی دنیا لەم سەردەمەدا، بەردەبارانکردنی دووعا و ڕەشەکوژی ژنان لە کوردستان تەحەموول بکات. مافەکانی ژنان و منداڵان و ئینسان ماڤ جیهانداگرن و لەسەروو هەموو کلتوور و فەرهەنگ و دین و ئایدۆلۆژیایەکەوەن.

دەسەڵاتدارانی کوردستان زۆر هەوڵیاندا دەنگی ئێمە سنووری کوردستان نەبەزێنێ و نەگاتە لای ئێوە. بەلاَم ئێمە خۆمان بەبەشێك لەئۆردووی ئینسانی جیهانی هاوچەرخی ئەمڕۆ دەزانین وبێگومانین لەوەی کە بە پشتیوانی ئێوە دەتوانین ژیانێکی شایستە بۆ خەڵکی کوردستان وژنان ولاوان ومنداڵان دابین بکەین.

وەرن لەگەڵمان بن بۆ ئەوەی بکوژانی دووعاو هەموو ئەوانەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەستیان لە کوشتنی ئەودا هەبووە بدرێنە دادگایەکی ئاشکراو سزای خۆیان وەربگرن.

وەرن لەگەڵمان بن بۆ ئەوەی کوشتنی ژنان و هەرجۆرە توندوتیژیەکی جەستەیی ودەروونی لەژێر هەر بەهانەیەکدا بێت بەرامبەر ژنان قەدەغە بکرێت. تەواوی ئەو قانوونانەی ڕێگا بۆ توندوتیژی بەرامبەر ژنان خۆش دەکات هەڵوەشێتەوە.

وەرن لەگەڵمان بۆ جیاکردنەوەی دین لە قانوون و خوێندن و دەوڵەت و کردنی بە مەسەلەی شەخسی وئازادانەی هەر کەسێك.

ئایاری ٢٠٠٧